# پێشەکی

عەمادیە بە کوردی واتە ئامێدی، پێش هاتنی ئیسلام ئەم شارە هەبووە و لە سەردەمی عوسمانیەکان پایتەختی مێرنشینی بادینان بووە، زۆربەی دانیشتوانی کوردن، جگە لەمە شاری ئایینە جیاوازەکان بووە، وەکو مەسیحی، یەهودی، یەزیدی و ئیسلام. عەمادیە هەروەك شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووك و ناوچەکانی تری کوردستان ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ دەوڵەتی عوسمانی، هەمیشە لە ڕێگای سەربازییەوە هەوڵی داوە ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی بهێنێتەوە.

لە ڕووی سیاسییەوە جگە لە کێشەی نەستوری و ئیسلامەکان، زیاتر کێشەی عەشیرەت لەم ناوچەیە زاڵ بووە بەسەر کێشەکانی تردا، چونکە زۆربەی عەشیرەتەکانی بادینان لەم ناوچەیە بوونیان هەبووە، هەروەك لە بەڵگەکاندا باس کراوە ئەم عەشیرەتانە کەللە ڕەقن، واتە گوێڕایەڵی کەس نین و ئەوەی مەبەستییانە ئەنجامی دەدەن و لەلای ئەمانە قسەی دەوڵەت ناخوات، بەڵکو ملکەچی شێخ یان سەیدەکەیانن، ئەمەش کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە کردووە، لەلایەکی تر کێشەی گەرمیان و کوێستانی ئەم عەشیرەتانە هۆکارێك بووە بۆ دروست بوونی گرفت و تەنگوچەڵەمە، هەروەك چۆن لە ناوچەکانی پشدەر و سلێمانی ئەم کێشەیە بوونی هەبووە و لە بەڵگەنامەکانی زنجیرە کتێبی بەرگەکانی تردا باس کراوە.


لە ڕووی کارگێڕیەوە ئەم شارە لە مێژووە جیاوازەکاندا گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، هەندێك جار سانجەق و هەندێك جاریش بۆتە قەزا، هەر چەندە ئەم شارە کەوتۆتە باکووری کوردستانی عیراق، بەڵام لە سەردەمی عوسمانیەکاندا لە ڕووی جوگرافیەوە کەوتبووە نێوان ویلایەتەکانی وان و موسڵ هەندێك کات سەر بە وان بووە و هەندێك کاتیش سەر بە ویلایەتەکانی بەغداد و موسڵ بووە، بە درێژایی مێژووی ئەم سەردەمەش بەستنەوەی ئەم شارە لە نێوان وان و موسڵ خولاوەتەوە.

ئەوەی شایەنی باس کردنیشە زیاتر لە ١٠٠٠ بەڵگە لەسەر عەمادیە هەیە، بەڵام زۆربەیان دووبارەن و هەمان بابەتن، بەهۆی چارەسەر نەکردنی کێشەکە دوای ساڵێك یا دوو ساڵ یا زیاتر دووبارە بە نووسراو دووپاتکراوەتەوە، تا چارەسەر بکرێت، یا ئەوەتا ڕێگە چارەیەك بدۆزرێتەوە، لەلایەکی تر بۆشایی مێژوویی لە نێوان ساڵانەکاندا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە درێژایی مێژووی حوکمرانی عوسمانیەکان ئەم ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی نەبوون، چونکە یاخیبوونی عەشیرەتەکان و دانیشتوان بۆشایی حوکمرانی دروست کردووە و هەندێك کات دەسەڵاتی حکوومەت لەم ناوچانە کشاوەتەوە، دوای هێور کردنەوەی بارودۆخ و داگیرکردنەوەی، دووبارە حکوومەت ئەم ناوچانەی خستۆتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و فەرمانگەکانی کارگێری گەڕاوەتەوە.

ئەم شارە ئەوەندە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگ و بە بایەخ بووە، لە ڕووی بازرگانییەوە گرنگ نەبووە چونکە نەکەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی، هەروەك لە بەڵگەنامەکانیشدا باس کراوە، حکوومەت زیاتر گرنگی بە لایەنی سیاسی داوە و ئاماژەی پێ کردووە لە ڕووی بازرگانییەوە گرنگ نییە.

ئەم کتێبەش ١٦مین بەرگی زنجیرە کتێبەکانی بەڵگەنامەکانی عوسمانی زیاتر لە ٣٠٠ بەڵگە وەرگێردراوە، هیواخوازین سوود لە بەڵگەکان وەربگرن.


د. نەوزاد یەحیا باجگر
سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان




| HAT | 00975.41442.E | 27 شەوال 1226 (14 تشرینی دووەم 1811) |
| --- | --- | --- |

میری میران و لێووردە و بە میهرەبانی من جەنابی برای پایەبەرز


ئەمجارە شێخ حاجی جبرائیل بەغدادی لە لەشکری همایۆن دەیەوێت بچێتە ویلایەت، بۆیە چۆتە ئەستانە، ناوبراو بەندەیەکە غەزا و چاکسازی و تەقوای جێگەی شایەدیە، بۆیە داواکراوە گوندەکانی شەرمق و چەزپە و ئاسماوەی سەر بە قەزای عەمادیە بە بریاری مالیکانە بدرێتە ناوبراو، ئەگەر بکرێت بە شێوەیەکی بەرپرسانە رەوان بکرێت، بەم راگەیەندراوە لیستی نووسراو بەرز کراوەتەوە و وەرگرتنی داواکراوە، ئینشائەڵڵا کە گەیشت بە نووسراو جێبەجێ بکرێت.


HAT 806/37159-C

2

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>HAT</th><th>00806.37159.C</th><th>17 رەمەزان 1252 (26 کانوونی یەکەم 1836)</th></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی پایەبەرزی میهرەبانی جەنابی سوڵتانم<br>لەم رۆژانەدا سانجەقی عەمادیە بەستراوەتەوە بە موسڵ، بەم راگەیەندراوە جەنابی والی بەغداد بە نووسراوی پاشا فەرموویەتی ئیسماعیل بەگ سانجەقە وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بێتە بەغداد خولعەتەکەی بپۆشێت، بەڵام هەر چەندە داوا کراوە رێزی لێ بگیرێت و پاداشت بکرێت، کەچی لە گەمژەیی خۆی کەللە رەقی نواندووە و نەهاتووە، بۆیە ناوبراو دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو براکەی بە ناوی سەلیم پاشا دامەزراوە، بەڵام گاڵتەجاریەکە لێرەدایە ئەویش هەمان رەفتاری کردووە، پەنا بەخوا لە ١١ مانگی رەمەزانی پیرۆز لەگەڵ دەستەی کۆمەڵەکەم جولە بکرێت، گومانم نییە ئینشائەڵلا لە سایەی شاهانە لە ماوەی چەند رۆژێکدا بابەتی ناوهاتوو کۆتایی پێ بێت، چۆنیەتی کارەکەش بە بابی عالی نەووتراوە.<br>مۆری عەبدە محەمەد</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب


| HAT | 00396.20882.A | 7 رەمەزان 1253 (5 کانوونی یەکەم 1837) |
|---|---|---|

جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم


دوای ئـەوەی قـەڵای عەمادیـە وەرگیراوەتـەوە، لـە بـەسراوە باوکـی عەلـی پاشـا والـی بەغـداد ئەرکـی عەمادیـەی داوەتـە حوسـێن ئاغـا، ئەویـش زمانـی تورکـی نازانێـت و خەریکـە بـەرەو بەغـداد دێـت، لـە قـەڵای ناوهاتـووش رەسـوڵ بـەگ خـۆی قایـم کـردووە، نـووسراوی نـاردووە و ناوبـراو جێگـەی قەبوڵـە بێتـە بەغـداد، هەروەهـا بەندەمـان حوسـێن ئاغـا چۆتـە نـاو قـەڵای ناوهاتـوو، بـەڵام لـەم شـارۆچکەیە ئیسـماعیل بـەگ موتەسـەرفی عەمادیەیـە لـە حاڵەتێکـی پەرێشـانە، هەروەهـا رەسـوڵ بـەگ و حوسـێن ئاغـا لەگـەڵ ئـەوەی دەرچـوون، بـەڵام وادیـارە حوسـێن عەلـی بـەگ دەسـت بەسـەر قـەڵای ناوهاتـوو دادەگرێـت، بـۆ پاراسـتنی قـەڵای ناوهاتـووش دوای ئـەوەی رادەسـتی جەنابـی والـی موسـڵ دەکرێـت، نـووسراو بـۆ رەسـول بـەگ و حوسـێن ئاغـا کـراوە کـە لـە قـەڵا دەربچـن، ئەگەرچـی چۆنیەتـی کارەکـە بـە جەنابـی والـی موسـڵ ووتـراوە، بـەڵام گومانـی بەندەمـان و بـە ئاماژەی ناوبـراو دەستبەسـەر قـەڵای ناوهاتـوو داناگرێـت، ئیسـماعیل بەگیـش لەلایـەن والـی موسـڵ بـە جانـەوەر وەسـف کـراوە، جەنابـی والـی بەغـداد ئەمـرۆ لەلایەنـی بەسرایـە ناوبراویـش لـە بـارەی ئیسـماعیل بـەگ بـە خوێندنـەوەی تێروانینـەکان گەیشـتۆتە ئەنجـام، لـە بـارەی هێنانـی هیممـەت بکرێـت، لـەم بابەتـەدا لـە هـەر حاڵەتێکـدا بریـار و فەرمـان بـۆ ئەفەندیمانـە.




<table>
<tr><td>HAT</td><td>01264.48948</td><td>29 زیلحیجه 1253 (26 مارت 1838)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندی کوڕم<br>لەبەر ئەرکی محەمەد پاشای ڕەواندزی چەند ڕووداوێک لە نێوان عەمادیە و هەندێک کورد ڕوویداوە، بەڵام لە سایەی سێبەری خودا هێور کراوەتەوە و دوور خراوەتەوە، جەنابی والی بەغداد نووسراوی بۆ کەتهودای دەرسەعادەت حاجی بەکر ئاغا ناردووە، لەم بابەتەدا هەندێک ووتەی چارەسەر کراوی ئاغای ناوبراو و نووسراوی قەپوکەتهودای ئەفەندی ناوبراو بۆ جەنابی شاهانە بەرز دەکرێتەوە، لە ئەوراقی ناوهاتوو و لیستی بارودۆخەکە ڕوون بۆتەوە، کە سانجەقی عەمادیە رادەستی جەنابی والی بەغداد کراوە، بەڵام لەسەر فەرمودەی عالی لیوای ناوهاتوو پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی والی موسڵ جەنابی محەمەد پاشا بوو، لەسەر تکا و داواکاری ناوبراو چۆنیەتی کارەکە بۆ والی بەغداد نووسراوە و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا و حەواڵەی ناوبراو کراوە، بۆیە گونجاو نییە حەواڵەی کەسێکی تر بکرێت، هەروەها ڕۆیشتنی محەمەد پاشای ڕەواندزی بۆ ئەوێ یەکلایی بکرێتەوە، ئەم شوێنانەی خراوەتە ژێر دەسەڵات و حەواڵەی کراوە دراوەتە والی بەغدادی ناوهاتوو، بەم تێڕوانینە گۆڕین و حەواڵەی عەمادیە سوودی بۆ والی ناوهاتوو نابێت، چۆنیەتی کارەکە ئاماژەی پێکراوە، ئینشائەڵلاهوتەعالە لەمەودوا ئەو ناوچەیە لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوەببردرێت، حاڵی حازر فەرمانە و بۆ بەڕێوەبردنی نووسراو کراوە تا جێبەجێ بکرێت، جەنابی شاهانە بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت ئاماژەی پێ بکرێت.</td></tr>
</table>





| İ.DH | 00017.000823 | 20 رەبیعی یەکەم 1256 (22 مایس 1840) |
|---|---|---|
| راگەیەندراوی بەندەیە<br>پێشەکی ئیسماعیل پاشا موتەسەرفی سانجەقی عەمادیە یاخیبووە و بۆ ئەوەی لە شەر و ئاژاوەی ناوبراو ناوچەکە دوور بخرێتەوە، سانجەقە لەلایەن جەنابی والی بەغداد رادەستی کوڕە مامەکەی محەمەد سەعید پاشا کراوە، بەم دواییەش لیوای ناوهاتوو دراوەتە بەندەمان، بە میهرەبانی هومایۆن قەڵای لیوای ناوهاتوو لەگەڵ ناوچەکانی بدرێتە بەندەمان، بەمەش پێویستە برێك سەرباز رەوان بکرێت، ئەگەرچی لیوای ناوهاتوو دراوەتە سەعید پاشا، بەڵام چەتەیی و خراپەکاری عەشیرەتەکانی دەورووبەری لەلای خۆی کۆکردۆتەوە و جۆرەها گەندەڵکاری ئەنجام دەدات، هەروەها سەربازی رەوانی سەر قەڵای لیوای ناوهاتوو کردووە و سەرپێچی ئەنجام دەدات، ناوبراوان ماوەیەکە لیوای ناوهاتوویان بۆ خۆیان تەرخانکردووە و بەم شێوەیە سەرپێچی دەکەن و لێرە ئەمنیەت جێگیر نییە، ئەم سەربازانەی چوونەتە ماردین هێنراونەتەوە و ئەم سەربازانە بەکار بێن بۆ جێگیر کردنی لیوا، پشت بەخوا رۆژی هەینی ٢٠ ی ئەم مانگە لە موسڵ جولەیان کردووە، بەپەلە گەندەڵکاری ناوهاتوو چارەسەر بکرێت، بە تاتار زانیاری رەوان کراوە، ئینشائەڵڵا چارەسەر دەبێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە. | | |


İ.MVL. 123/3138

1

İ.MVL.00123


<table>
<tr><th>İ.MVL</th><th>00123.003138</th><th>20 رەجەب 1264 (22 حوزەیران 1848)</th></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>سەعید پاشا لە خانەدانی سانجەقی عەمادیەیە و هێنراوەتە موسڵ و نیشتەجێ کراوە، ناوبراو لەگەڵ ئەم کەسانەی کە ناویان تۆمار کراوە بری ٣٣١٢ قوروش مووچەیان پێ بدرێت، لەلایەن نەزارەتی دارایی شکۆدار بە راپۆرت مەزبەتەی ئەنجوومەنی ژمێریاری دراوەتە ئەنجوومەنی والا و خوێندنەوەی بۆ کراوە، هەروەها ئەم مووچەیەی کە باسکراوە بۆ ناوبراوان دابین بکرێت، لە تەمەتوعاتی والی موسڵ دابین دەکرێت، واتە ئەمەش لە پارەوپولی ویلایەت دابین دەکرێت، ئەم بابەتە بەم زانیارییانەی کە هەیە بە پرس و رای والا جێبەجێ بکرێت، نووسراو لە ئەنجوومەنی والا کراوە، راپۆرتی ناوهاتوو و مەزبەتە هاوپێچ رەوان کراوە، بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە زانیاری پایەبەرز و ئەوراقی ناوهاتوو رەوان بکرێتەوە.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

İ.MVL.00347

<table>
<tr><td>İ.MVL</td><td>00347.015050</td><td>29 رەبیعی کۆتایی 1272 (8 کانوونی دووەم 1856)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>هەندێـك شـوێنی قـەڵای عەمادیـەی موسـڵ پێویسـتی بـە نۆژەنکردنەوەیـە، روون بۆتـەوەش بـە بـری ٦٠٠٠ قـوروش خەرجـی کارەکـە تـەواو دەبێـت، بـە پشـت بەسـتن بـە نیـزام دوای کەمکردنـەوەی ئاشـکرا، نۆژەنکـەر و داواکاری نەبـووە، بـەڵام بـە گوێـرەی دەرخسـتە لـە خەزینـە جێبەجـێ کردنـی حەواڵـەی نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار کـراوە، مەزبەتـە لـە ئەنجوومەنـی واڵا دراوەتـە قەڵـەم لەگـەڵ راپۆرتێکـی نەزارەتـی ناوهاتـوو بەمەبەسـتی بەرزکردنـەوەی بـۆ عالـی راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمانـی جەنابـی پاشـا هـەر چییـەك بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.</td></tr>
</table>





<table dir="rtl">
<tr><td>NFS.D</td><td>07403.00001</td><td>29 زیلحیجه 1274 (10 ئۆغستۆس 1858)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە ١٢٧٤ ئاماری دانیشتوانی ناموسڵمانی قەزاکانی ویلایەتی موسڵ هەژمار کراوە و ئەم داهاتە سەربازییەی کە پێویستە کۆبکرێتەوە و رادەست بکرێت، برەکەی دیاریکراوە و ئەمەش وێنەی دەفتەرەکەیە.<br>قەزای دهۆك/ ٣٤٧ نەفەر/ ٧٥٠٠ قوروش<br>قەزای عەمادیە/ ٣٢١ نەفەر/ ٧٥٠٠ قوروش<br>قەزای عەقرە/ ٤٥٦ نەفەر/ ١١٢٥٠ قوروش<br>زێبار و عەشیرەتەکانی/ ١٩٦٦ نەفەر/ ٤١٢٥٠</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00153.00084.001

هەواڵنامەی کتێب


<table dir="rtl">
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00153.00084</td><td>25 ره‌جه‌ب 1275 (28 شوبات 1859)</td></tr>
<tr><td colspan="3">موتەسەرفی موسڵ<br>دانیشتویەکی گوندی بەعشیقەی سەر موسڵ دینی خۆی گۆریوە، لە ئەنجام سزا دراوە و رەوانی قەزای عەمادیە کراوە، بەڵام بەم دواییە گەراوەتەوە سەر ئایینی ئیسلام، بۆ ئەوەی دووبارە مەلا ئیلیاس بگەرێندرێتەوە گوندەی خۆی، نووسراو هاتووە و کەسیش قسەی نەکردووە و پێویستیش ناکات گوێ بیستی هیچ قسەیەك بین، یا خانەکەی خۆی یا بۆ هەر شوێنێك بێت دەتوانێت بۆی بروات و رێگری لێ نەکرێت، بە گوێرەی ئەم وەڵامەی کە دێت رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>İ.MVL</td><td>00408.017740</td><td>21 رەبیعی کۆتایی 1275 (28 تشرینی دووەم 1858)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>مەزبەتـە لـە ئەنجوومەنـی والاّ دراوەتـە قەڵـەم لەگـەڵ نـووسراوی هاوپێـچ ڕاگەیەنـدراوە و پێشکەشـی عالـی کـراوە، لـە میللەتـی یەعقوبـی موسـڵ بەهـۆی تاوانیـەوە بـۆ ماوەیەکـی دیـاری نەکـراو دوورخراوەتـەوە بـۆ قـەزای عەمادیـە، بـەڵام دوای مۆڵـەت بەتهـان سـەرپێچی نەکـردووە و دڵسـۆز و بـە کاری خۆی سـەرقاڵ بووە، بۆیـە لێبووردنی بـۆ دەربکرێـت، بـە دەرچوونـی فەرمانـی جێبەجـێ کـردن، نـووسراوی موتەسـەرفی موسـڵ دەرچـووە، بـەڵام لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمانـی جەنابـی تاجـدار چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>23 سەفەر 1277 (10 ئەیلوول 1860)</td><td>00449.020056</td><td>İ.MVL</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>نووسراوی ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم، راپۆرتی نەزارەتی دارایی شکۆدار و مەزبەتەی ئەنجوومەنی ژمێریاری بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، تا بدرێتە جەنابی پاشا، بە گوێرەی مەزبەتە دەردەکەوێت لە قائیمقامیەتی رەواندز بری ٤٢٠٠ قوروش بۆ بەهای جلەکانی موختاری عەشیرەت و کوردەکان هەژمار کراوە، دوای مۆڵەت و خەرج نەکردنی خەرجیەکە، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، بەڵام جەنابی شاهنشا بریار و فەرمانی چی بێت جێبەجێ دەکرێت، دوای راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

HR.MKT.00440.00090-001

| HR.MKT | 00440.00090 | 1 موحەررەم 1280 (18 حوزەیران 1863) |
|---|---|---|
| لایەنی پاشای نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>ژمارە ٣١<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>پاپاسەکانی فەرەنسی لە موسڵن، بە نیازن مەناسترێك لە عەمادیە دروست بکەن، بۆ ئەمەش خانەیەکی وێران نۆژەن دەکەنەوە، هاوولاتیانی نامسوڵمانی ناوچەکە لەسەر مەزهەبی نەستورین و هیچ کەسێك نییە لەسەر مەزهەبی کاسۆلێك بێت، بۆیە ئەمانە لەوێ نیشتەجێ بکرێن، لە مێژووی ٢٤ زیلحیجە ١٢٧٩ بە تەلەگراف راگەیەندراوە و لەم بابەتەدا بە بریاری عالی رەزامەندی نیشان دراوە و لەلایەن کەنعان پاشا قائیمقامی موسڵ دوو نووسراو هاتووە، بۆ رەزامەندی عالی بە هاوپێچ پێشکەشی عەتەبە کراوە، بەڵام بە بریار و ئاماژەی عالی دروست کردنی خانەی ناوهاتوو قەدەغە کراوە، لەم بابەتەدا بریاری عالی پەیوەندیداری نەزارەت دەردەچێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>مۆری محەمەد نامق والی بەغداد | | |



هەواڵنامەی کتێب

BEO.000032.002364.025

| BEO | 000032.002364 | 28 زیلقەعدە 1309 (24 حوزەیران 1892) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بۆ ئەوەی قەزای عەمادیە نەبەسترێتەوە بە موسڵ، لەلایەن هەندێك کەسەوە تەلەگرافنامە ڕەوان دەکرێت، بەڵام دانیشتوان ئاگادار نین، داهاتی میری بە تەواوەتی ڕادەست نەکراوە و دانیشتوانیش بۆ شوێنێکی تر خانەکانیان دەگوازنەوە، ڕاگەیەندراوە.<br>حەبۆ بریکاری میللەتی موسەوی/ یوسف بریکاری میللەتی عیسەوی / ئیسماعیل بریکاری گشت دانیشتوانی ئیسلام | | |

